ئەرشیفی بابەتەكانی فێرگەی هەموو بۆ كوردان

**گەڕاندنەوەی 20٪ لە خێرایی ئینتەرنێت.**

نووسەر:

@:

گەڕاندنەوەی 20٪ لە خێرایی ئینتەرنێت.

ئەم بابەتە لەسەر Windows XP Pro نووسراوە!.

زۆر جۆرە پرۆگرامێك هەیە كە بە تەكنیك و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ ئەدەن ئینتەرنێتەكەت خێرا بكەن، بەڵام سەركەوتنی ئەو پرۆگرامانە لە كارەكەیان دەگاتە ڕێژەی 1٪ واتە تەنیا بە ناو ئەو كارە دەكەن.

بەڵام لە خودی ویندۆز دا تایبەتمەندیەك هەیە بە شێوەیەكی ئاسایی 20٪ خێرایی ئینتەرنێتەكەت بۆ خۆی دەبات، داگیركردنی ئەو بەشە خێراییە لە خێرایی ئینتەرنێتەكەت بۆ ئەوەیە كە لەكاتی پەیوەندیكردن بە سێرڤەرەكانی كۆمپانیای مایكرۆسۆفتەوە بەخێرایی پەرگە و نوێكاریەكانی ویندۆز دابگرێت.

بەڵام دابین كردنی ئەو بەشە خێراییە لەهەموو كاتدا پێویست نیە، چوونكە كۆمپیوتەر پێویستی بەوە نیە هەموو كات پەیوەندی بە سێرڤەری مایكرۆسۆفتەوە بێت، بۆیە باشتر وایە ئەو ڕێژەیە كەمتر كەیتەوە لەوەی كە هەیە.

كەمكردنەوە>

لە Start دا Run كرتە بكە، دواتر gpedit.msc بنووسە و OK كرتە بكە.




پاشان Group Policy دەكرێتەوە.




بە پێی ئەم پلانەی خوارەوە کرتە بکە.

Computer Configuration

Administrative Templates

Network

QoS Packet Scheduler

و لە کۆتایی دا لە بەشی ڕاستدا دووجار کرتە بکەسەر Limit Reservable Bandwidth.

دەبینی کە نووسراوە، بەشێوەیەکی ئاسایی 20٪ بەکار دەبات، هەروەها گەر ناچالاکیشی بکەیت ویندۆز هەر 20٪ بەکار دەبات، بەڵام دەبێ تەنیا نرخەکە کەم بکەیتەوە.




واته Enabled چالاك بێت و پاشان نرخەكە كەمكەرەوە، من كەمم كردۆتەوە بۆ 1٪.




بەو شێوەیە 20٪ خێرایی ئینتەرنێت دەگەڕێنیتەوە و دەتوانی بۆ مەبەستەکانی دیکە سوودی لێ ببینیت.
هیوادارم سوودی هەبووبێت.

Oct 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت